# کورد و هاوسەنگیە سیاسیەکانی نوێی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هیوا عبدالله – بلجیکا
Hiwa.Abdullah@gmail.com



دوای ئەوەی ئەمریکا لە زاری بەرپرسیارانی دەوڵەت و وەزارەتی دەرەوەیدا دانی بە قەیرانی سیاسەتی خۆی و ئەنجامنەگرتنی دانا، هەروەها دوای سازکردنی کۆمیسیۆنی هاوبەشی دیموکراتخواز و کۆمارییەکانی ئەمریکاو راپۆرتەکەی بێکەر-هامیلتۆن و سوربوونی حکومەتی ئەمریکا لەسەر دەستێوەردانی ئەمریکا لە هەرێمەکە نەک بەتەنیا عێراق بەڵکو سەرنجی هەموو ناوچەکەی ڕاکێشایە سەرخۆ.

بێگومان زۆربەی زۆری سیاسەتمەدار، نوسەر و چاودێران پێیانوایە شەڕی عێراق یان باشتر وایە بڵێین کێشەکانی عێراق کێشەی عێراقیەکان بەتەنیا نین، بەڵکو بریتیە لە ململانێیەکی سیاسی و ستراتیژی نێوان لایەنە بەهێزەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکا بە شێوەیەکی کرداریانە دەستی پێکردووە.

ئەگەر بە کورتی سەرنج بدەینە سەر ڕێژەی سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەستێوەردانی ئەمریکا لە عێراقدا ئەنجامی نەگرتوە، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە سەیری تەواوی مەسەلەکان بکەین وەک ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و کولتوری، ناتوانین بڵێین دەستێوەردانی ئەمریکا کە لە دوای شەڕی ئەڤغانستان و عێراق دەستی پێکرد هیچ گۆڕانکارییەکی ئەنجام نەداوە. هەروەکو پێشتر گوتمان سەرانی دەوڵەتی ئەمریکاش دانییان بەوەداناوە، لە هەمان کاتدا ئەوەش واتای ئەوە نیە کە ئەوانەی لەبەرانبەر ئەمریکا بەرگری دەکەن سەرکەوتونە، بەڵکو لە هەموو لایەنەکانەوە بگرە ئەوان حاڵیان لە ئەمریکا پەرێشانترە، سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەش ئەتوانین بڵێین ئەمریکا سورە لەسەر دەستێوەردانی خۆی و بۆ ئەوە هەموو هێزوو وزەیەکی تەرخان دەکات بۆ ئەوەی لە شەڕی عێراقدا سەربکەوێ چونکە شەڕی ئەمریکا لە عێراقدا جا بەسەرکەوتویی و سەرنەکەوتوییەوە بەردی بناغەی هاوسەنگیە سیاسی-ستراتیژییەکانی سەدەی 21 مین دەستنیشان دەکات. ئەو ململانێیەی نێوان بەڕێوەبەرایەتی بووش و دیموکراتخوازەکانی

ئەمریکا ئەو یەکە نیشان ئەدات کە ئەمریکا نە دەتوانێ وەک جاران بەتەنیا لە ڕێگای سەربازییەوە حوکمی ناوچەکە بدات و نە دەتوانێ هێزەکانی خۆی لە عێراقدا بکێشێتەوە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا ناتوانین بلێین حکومەتی بووش بەهیچ شێوەیەک راپۆرتەکەی بێکەر-هامیلتۆن و ڕەخنەکانی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا ڕەچاو ناکاتەوە، جموجۆلە سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسیەکان نیشانی ئەدەن کە بەڕێوەبەرایەتی بووش، هەولّ ئەدا لەگەلّ مانەوەی سەرباز و درێژەدان بە جەنگی دژ بە نەیارەکانی گۆڕەپان و کەشێکی سیاسیش ساز بکات لە عێراق و ناوچەکەدا، واتە ناتوانین هەروا بە ئاسانی بلێین کە حکومەتی بووش هیچ پلان و پرۆگرامێکی خۆی لە عێراقدا نەگۆڕیوە، کاتێ ئەلێین بووش ڕەچاوی بەشێک لە ڕاپۆرتەکەی بێکەر-هامیلتۆن دەکات ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی ئەمریکا چاوی بە وردەکارییەکانی سیاسەتی خۆی لە عێراق و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست خشاندوەو، شێوازەکانی سیاسەتی ڕۆژانەو تەکتیکی کۆنی خۆی گۆڕیوە، ئەوەش لە پلانە ئەمنیەکەیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێ.

یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچون و سەراوژێربوونی هاوسەنگیە سیاسیەکانی عێراق کە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیشی گرتۆتەوە یاریکردنە بە ڕۆلّی شیعە و سوننەو قولّکردنەوەی ناکۆکی مەزهەبی یان بەسیاسیکردنی مەزهەبە. هەمووما‌ن دەزانین لە مێژووی ئیسلامدا جوگرافیای عێراق ڕۆلێکی مەزنی بینیوە لەو شەڕەدا، هەروەها لە چارەگەی سەدەی بیستەمەوە بۆ ماوەی 80 سالّ سوننی مەزهەبەکان عێراقیان کردە ناوەندی خۆیان و خۆیان بەهێزکرد، دوای ئەوەی خومەینی لە ئەنجامی شۆڕشی ئێراندا جلّەوی دەستەلاّتی گرتە دەست، سوننی مەزهەبەکان لە ڕێگای سەدام حوسێنەوە کرانە قەلّغانێک بۆ لاوازکردن و پەلهاوێژی شیعەکان لە ئێرانەوە بۆ جیهانی ئیسلامی، ئەگەرچی شەڕی هەشت سالّەی عێراق لەدژی ئێران توانیبێتی قەیرانێکی ئابوری کۆمەلاّیەتیش بۆ ئەو ولاّتە ساز بکات و بۆ ماوەیەک لاوازیشی کردبێ، بەلاّم ناتوانین ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەو شەڕفرۆشیەی سەدام بە ئێران قازانجێکی باشیشی بۆ کۆماری ئیسلامی هەبوو، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەرەتای سالّی 1980دا زۆر لاواز بوو، ئۆپۆزیسیۆنێکی پتەوی لەناوخۆدا هەبوو، هەرگیز چاوەڕێ نەدەکرا خومەینی بتوانێ بەرەنگاری ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ببێتەوە، بەلاّم لەگەلّ ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن دکتاتۆر سەدام خومەینی ئەوەی وەک هەلّێک قۆستەوە بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەموو چین و توێژو لایەنەکانیەوە و بەبیانوی (ئەوانە یارمەتی دوژمنی دەرەکی دەدەن) مۆرکێکی ئایدیۆلۆژی بە کۆماری نوێی ئێرانەوە نا، بۆیە ئەگەر سەددامی شەڕانگیز و دەستوەشێن پەلاماری کوێتی نەدابایە، هەرگیز چاوەڕێ نەدەکرا، ئەمریکا ڕۆژێک لە ڕۆژان سوننیەکان پەراوێز بکات و مەیدان بۆ شیعەکانی عێراق برەخسێنێ تاکو بێنە سەر کورسی دەستەلاّت لە عێراقدا، چونکە ناتوانین بلێین ئەمریکا نەیدەزانی کە شیعە ڕکەبەرەکانی عێراق، لەسەرەتای شەڕی عێراق و ئێران چوونە ئێران و بۆ ماوەی دەیان سالّ لە قوم پەروەردە

کران، هەرلەوێش بوو شیعەکانی عێراق زیاتر مەزهەبی شیعەیان سیاسی کرد و خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەکرد، ئێستاکەش ئەمریکا باجی ئەو هەڵە سیاسیە گەورەیە دەدات لە عێراقداو سەرقاڵی ڕاستکردنەوەیەتی بەلاّم زۆریش ئاسان نیە، خۆی بەشێکی گرینگ لە قەیرانەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کێشەی مەزهەبی "سوننی-شیعە"یە. جا لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە لۆبی جوولەکە کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە، بەشێک لە سیاسەتی ئیسرائیلیش لە هەرێمەکە ناکۆکە لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکا لە هەمان کاتدا، بۆ نمونە لە مێژوودا هەردەم جوولەکەکان هەوڵیانداوە سود لە ناکۆکی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە، ئیسلام و کریستیان ببینن و وولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە ناکۆکی ناوخۆوە خەریک بکەن و لاوازیان بکەن، ئەگەر ناکۆکی ناوخۆ نەبوو ئەوا سود لە کێشەی نێوان دوو وولاّتدا ببینن، بۆ ئەوە ئەکرێ بووترێ کە شەڕی ئێستای نێوان شیعە و سوننە لەبەرژەوەندی ئیسرائیل دایە، بەلاّم پرۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکا لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکە بە ئامانجی گۆڕانێکی ڕیشەیی ئابوری، کۆمەلاّیەتی و سیاسییە، بۆ بەجێهێنانی ئەو پرۆژەیەش ئەمریکا پێویستی بە ئارامیە لەناوچەکە، ئەو یەکە ناکۆکیەک لە نێوان سیاسەتی ڕۆژانەی ئیسرائیل – ئەمریکا و پرۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا ساز دەکات، ئەمریکا لە لایەک بیر لە ئارامی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەکاتەوە بۆ داهاتو، لەلایەکی دیکە پێویستی بە هەبوونی ئەو جۆرە ناکۆکیانەیە، ئەوەش باری ئەمریکا قورستر دەکات لە داهاتودا. لەسێدارەدانی سەدام لە ڕۆژی جەژنی قورباندا بە دەستی شیعەی سەدری نیشانەی ئەو کاریگەرییەی لۆبی یەهودیەکانە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا. بەلەسێدارەدانی سەدام لە ڕۆژی جەژن و بەدەستی شیعەکان، بمانەوێت و نەمانەوێت مۆرکێکی گەورەو بەرچاو بە سەرلەنوێ گەرمکردنی شەڕی نێوان شیعەو سوننی دەدات، تەنانەت ئەو شەڕە ئەو وولاّتانەش دەگرێتەوە کە پێشتر نەیاری سەدام بوون و ترسێکی گەورەیان لێی هەبوو، وەک سعودیەی عەرەبی و ولاّتانی دیکەی کەنداو. تابلۆیەکی دیکەی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، هەریەکە لە ئێران و ئەمریکا یارییەکی گەورە دەکەن کە بریتیە لەوەی دوژمنی خۆت بە دەستی دوژمنت بکوژە، بۆ نمونە سەدام بە دەستی شیعەکان و موقتەدا سەدر بەکوشتدرا کە ڕاستەوخۆ پیاوی ئێرانە، ئێران و شیعەکانیش ئەوەیان وەک سەرکەوتنێکی مێژوویی هەڵسەنگاند. ئێستاکەش ئەمریکا ئامادەکاری دەکات، وولاّتانی سوننی مەزهەب و پاشماوەکانی بەعس زیندو بکاتەوەو بیانهێنێتەوە مەیدانی سیاسی عێراق و شەڕی شیعەیان پێ بکات کە پێش 3 ساڵ بەخۆی لەسەر دەستەلاّتی لابردن، واتە ئەتوانین بڵێین هەردوو ئاکتۆری سەرەکی شەڕی عێراق بریتین لە ئێران و ئەمریکا، لەلایەکی دیکە ئاکتۆری سەرەکی شەڕی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستیش لەوانەیە بۆ ماوەیەک سوننی و شیعە بن، ئەو ناکۆکیانەش هەر هیچ نەبێ تا یەکلابوونەوەی  شەڕی ئەمریکا و ئێران بەردەوام دەبێ. بێگومان نابێ ڕۆڵی

چین و ڕووسیاش لە ناوچەکەدا لەبیر بکرێ، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان لەو کێشانەیە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کورد دەکەن لە ناوچەکەدا.

لێرەدا پرسیاری ئایا هاوسەنگی نێوان شیعە و سوننی لەناو یەک دەستەڵات و حکومەتدا جێبەجێ دەبێ یان نا دێتە پێشمان و ناچارین لە وەڵامدانەوەیدا بڵێین لە عێراقێکی یەکگرتو و یەکپارچەدا بەبێ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان شیعەو سوننە ئارامی لە عێراقدا بەرقەرار نابێ، دۆزینەوەی هاوسەنگیەک لە نێوان شیعەو سوننەشدا شتێکی زۆر ئاسان نیەو کاتی زۆری دەوێ، لەوانەشە تا ئەوەی هەردوولا یەکتری باش ماندونەکەن کۆتایی پێ نەیێ، تەنانەت ئەو ناکۆکیە لە ناکۆکی نێوان ئۆرتادۆکس و کاتۆلیکیش جیاوازتر و دژوارترە، کە چەندین ساڵ درێژەی کێشا، چونکە پێشتر هیچ لایەنێک ڕێگای نەداوە ئەو ململانێیە بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکات بۆیە یان ئەوەتا عێراق پارچە دەبێت یانیش ئەو ناکۆکی و قەیرانانە بە کۆنترۆڵ بەردەوام دەبن بۆ ماوەیەکی نادیار، لێرەدا چۆن هەردوو پێکهاتەکانی سوننە – شیعە، بەدوای هاوپەیمانی نوێدا دەگەڕێن، کوردانیش کە پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقن ناچارن بەدوای هاوپەیمانێکدا بگەڕێن، بێگومان ئەگەری شەڕی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا، کوردان ناچار دەکا کە نەتوانن بێدەنگ و بێلایەن بمێنن، ئەو پێشهاتە لەداهاتودا دەستەڵاتدارانی باشوری کوردستان ناچار دەکات کە بۆ یەکێکیان دەستی خۆیان هەڵبڕن، چونکە ئەگەری شەڕی ئەمریکا دژ بە ئێران بتهەوێت و نەتهەوێ عێراق و کوردستانیش ئەگرێتەوە، جگەلەوە وولاتانی دیکەی ناوچە وەک سوریا و تورکیا بێدەنگ نابن، لەو کاتەدا ئەمریکا پێویستیەکی زۆری بە تورکیا دەبێ، ئەو مەرجانەی تورکیا کە ئەیخاتە پێش ئەمریکا دیارو بەرچاون هیچ پێویست ناکات ڕیزیان بکەین، ئێستاکە سەرفەرماندای سوپای تورکیا لە ئەمریکایە ئەو پێشهاتانە تاووتوێ دەکات، لە ڕەوشێکی وادا ئەگەر هاتو ئەو سیناریۆیە گەیشتە ئاستی شەڕوپێکدادان بتهەوێت و نەتهەوێ ئەمریکا زۆر تەنگەتاو دەبێت و بۆ کێشانی تورکیا هەموو مەرجێک قەبوڵ دەکات، دەستەڵاتی کوردیش کە دوای ڕوخانی سەدام خۆی وەک هاوپەیمانی ئەمریکا دەبینێ، چۆن دەتوانێ لە نێوان داخوازییەکانی ئەمریکا و تورکیا یاری بکات؟ ئەوە جێگای پرسیارە، تەنانەت لەوانەیە ئەوکاتە لێدانی "پەکەکە" و لەناوبردنیشی تیماری برینەکانی تورکیا ناکات، بەڵکو قەوارەی کوردی لە باشوری کوردستان ڕاستەوخۆ بکەوێتە ژێر مەترسی، لەوانەیە تورکیا ئەو هەڵەیەی سەردەمی شەڕی دووەمی کەنداو دووبارە نەکاتەوە کە هیچ یارمەتیەکی بە ئەمریکیەکان پێشکەش نەکرد، چونکە تورکیا سزای خۆی لەوە وەرگرت، بەڵام نابێ ئەوەش نەبینین کە هەوڵێکی زۆری ئێرانیش لە ئارادایە بۆ ڕازیکردنی تورکیا و هێشتنەوەی لەلای خۆی و هیوای بێهێزکردنی کورد و لەناوبردنی "پ ک ک"ەی پێ دەبەخشێ. بەهەرحاڵ کورد بە گشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ناچارن خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەن و ئەلتەرناتیڤی جیاوازیان هەبێ، ئەو هەڵوێستەی کە دەڵێ "هەرچیەکی دەبێ با ببێ

ئێمە هەر هاوپەیمانی ئەمریکاین و هەر هاوپەیمانیشی دەبین"، ئیتر ڕاست نیەو کۆتایی پێ هاتوە، دەبێ کورد چاوەڕێی ئەوە نەکات شەڕ بگاتە بەر دەرگا، بەڵکو لە ئێستاوە کارتی خۆی دەربێنێت و خۆی بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو ئامادە بکات و سیاسەتی خۆی ڕوونتر بکاتەوە، دەستەڵاتدارانی باشوری کوردستان ناچارن لەمەودوا بەپێی دۆکۆمێنت و هاوپەیمانیەتی نوسراوو ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا و وولاتانی ناوچە بکەن، واتە ئەگەر ڕەوشێکی مەترسیدار هاتە ئاراوە، ئەوا لە راپەرین و سەرهەڵدانێکی دیکە هیچ دەرفەتێکی دیکە لە ئارادا نامێنێ، بەڵام ئەگەر هاتو ڕەوشی عێراق هەروا مابیەوە، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتبەستن بە بەغدا لەبیر خۆی بباتەوەو، نابێ پشت بە سامانی نەوتیش ببەستێ، چونکە ئەگەر ریفراندمی شاری کەرکوکیش لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ، ئەوکاتە حکومەتی ناوەندی و لایەنەکانی دیکە لە ڕێگای یاسای دابەشکردنی داهاتی نەوت هەوڵ ئەدەن کە نەوتی کەرکوک بۆ هەموو عێراق ببەشنەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەگەر حکومەتی هەرێم پرۆژەکانی ناوخۆ وەک ئاوو ئاودێری بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بوژاندنەوەی کشتوکاڵ و گرنگی دان بە ژیانی لادێ، لەناوبردنی گەندەڵی ئیداری جێبەجێ نەکات ئەوا جگە لە پشتگیری دەرەوە متمانەی خەڵکیش لەدەست ئەدات.